**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٧٢٢٩ لە ٢٠٢١/١٠/١٤**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** کردنەوەی ( هۆبەی ماڵپەر ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن .

**دووەم** : ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٧٦٩ لە ٢٠٢١/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراوی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٢١٥٤) لە ٢٠٢١/١٠/٦، و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ( **جێبەجێکردنی سێیەمی هەولێر** ) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**